سودانی: عێراق لە هەوڵکانیدا درێغی ناکات لە پێناو بەدیهێنانی ئاگربەست



ئەمڕۆ هەینی"موحەممەد شیاع سودانی" سەرۆک وەزیرانی عێراق، جەختی کردەوە کە عێراق درێغی ناکات لە هەوڵکانی لە پێناو بەدیهێنانی ئاگربەستدا.

ڕووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە ڕاگەیەندراوەکدا باویکردەوە : "موحەممەد شیاع سودانی" سەرۆک وەزیران، پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لە "ئیمانوێل ماکرۆن" سەرۆکی فەرەنسا پێگەیشت، کە تێیدا تاوتوێی دوایین پێشهاتەکانی دۆخی ناوچەکە و ئەو هەوڵانە کرا کە دەدرێن بە ڕاگرتنی چالاکییە سەربازییەکان کە دوای دەستدرێژی بە سەر کەماری ئیسلامیی ئێران دەستیان پێکردووە.

بەگوتەی ڕاگەیەندراوەکە :"سوودانی " ڕوونیکردەوە کە عێراق لە هەوڵکانی درێغی ناکات بە بەدیهێنانی ئاگربەست و کۆتاییهێنان بەو شۆڕشی کە فراوان بووە و بووتە هۆشۆ بە سەر سەقامگیری و ئاسایشی ناوچەکە، هەروەها دووپاتی کردەوە کە عێراق ئەو پێلامارە ڕاشکاوە ڕەت دەکاتەوە کە سەروەریی عێراقی کردە ئامانج و بووە هۆی شەهیدبوونی ژمارەیەک لە ئیزەکانی هێزە ئەمنییەکانمان لە حەشدی شەعبی، ئەوەش بە مەبەستی تێکدانی کاغەزکان و تێکدانی ئاشتیی کۆمەڵایەتی کە بە هۆی قوربانیدانی عێراقییەکان لە ووبەووبوونەوەی تیرۆر بەدیهاتبوو.

سەرۆک وەزیران هاوسۆزی خۆی دەربڕی بەرامبەر بە قوربانیانی فەرەنسی لەو هێرشی لە پارێزگای هەولێر

بوونیان هەیە، لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی نەودەوڵەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش،و جەختی لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوە و گرتنبەری کاری پێویست بۆ ڕاگریکردن لە دووبارەبوونەوەی ئەم جۆرە ئاماجگرتنە کردەوە.

لە بەرامبەردا،سەرکی فەرەنسا پشتیوانیی خۆی بۆ ئەو هەوڵە ناوچەیی و نەودەوڵەتییانە دەربڕی کە هەوڵ دەدەن بۆ ڕاگرتنی شەڕ و ڕاگریکردن لە خراپتربوونی دۆخی ئەمنیی،و جەختی لە ڕۆڵی محوەریی عێراق کردەوە لە ئاسانکاریکردنی ئەم تێگەیشتنانە، کە بۆ ئەرەنی بەسەر سەقامگیریی ناوچەکەدا دەشکێتەوە،هەروەها ئاماژەی بۆ پێویستیی بەردەوامیی هەماهەنگیی دووڵایەنە لەم بوارەداکرد.